# (گوتییەکان و  خورییەکان)

# ناوەرۆک:


- پێشەکی
- گوتییەکان(ناوی تەواو و شوێنیی نشتەجێبونیان)
- (زمان و بنچەیان)
- مێژووی گۆییەکان
- خورییەکان (دەرکەوتن و بلاوبونەوەیان):
- زمانیانورەگەزی خورییەکان
- ئاینی خورییەکان

# پێشەکی:

یەکێک لە گرنگترین ئەو گەلانەی لە کوردستانی کۆندا ژیاون گوتیەکانن، کۆنترین سەرچاوە کە باسی کردبن دەقی پادشایەکی سۆمەریە بە ناوی **(لۆگال ئانی مێندوو)** کە لە هەزارەی سێیەمی پێش زانیندا ژیاوە. هەرچی خورییەکانیشە لە کوردستاندا بە تایبەتی و لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بە گشتی لە هەزارەی دووەمی پێش زاین دەرکەوت، بە تایبەتی لە ڕۆژئاوای کوردستان، ئەرابخا و نوزی کەرکوکی ئێستا بوونەتە مۆڵگە سەرکییەکانیان.

# گوتییەکان(ناوی تەواو و شوێنیی نشتەجێبونیان)

سنووری قەڵەمڕەوی و نیشتەجێبوونی گووتییەکان بە تەواوەتی ڕوون نیە، بەڵام بەگشتی باوەڕ وایە لە نێوان ڕووباری سیروان و زێی بچوکدا ژیاون و شاری (ئارابخا) واتە کەرکوکی ئەمڕۆیان کردووەتە مەڵبەندی دەسەڵاتداری خۆیان. گوتییەکان بە چەند شێوازێکی جیاوازی وەک (گوتی، قوتی، کوتی) ناویان هاتووە، قسەو باسی زۆر لە بارەی ناوەکەیانەوە هەیە، کە باوەڕوایە لە ناوچەکەیانەوە وەرگیراوە کە لە خواروی ناوچەی (کردا)بووە.گوتییەکان لە یەکێک لە قۆناغەکاندا بە سەرکردایەتی پادشا (ئیلولومیش) دەست بەسەر تەواوی عێراقدا دەگرن و کۆتایی بە دەسەڵاتی ئەکەدیەکان دەهێنن.



# (زمان و بنچەیان ):

لە ڕووی رەگەز و زمانەوە پەیوەندیەکی پتەویان لەگەڵ لۆلۆ و کاشی دا هەبووە، گوتیەکان پەیوەندیەکی راستەوخۆیان هەیە بە رەگەزی نەتەوەی کوردەوەو هەندێ زانا پێیان وایە زاراوەی کورد لە (گوتی)ەوە وەرگیرابێت و گوتیش بە باوە گەورەی کورد دەزانن زمانی گوتی زمانێکی سەربەخۆ بووە، هەرچەندە نزیکە لە کۆمەڵە زمانی ئیلامیەکانی زاگرۆس (ئیلامی، کاشی، لولو)، بەڵام بە پێچەوانەوە هەموو کۆمەڵە زمانەکانی تری کاشی ئیلامی و لولو سەربە زمانی گۆتین.



# مێژووی گۆتییەکان:

لــە رووی پاشــماوەی شارســتانیەتی و هونەریــەوە گوتیــەکان زۆر دەوڵەمەند نین، ئەوەش بەهۆی ئەوەی تاکو ئەمرۆ قەڵای کەرکوک کە پاشماوەی ئەوانە پشکنینی تێدا نەکراوە هەر وەک گەنجینەیەکی نهێنی و زانیــاری ماوەتــەوە، لەگــەڵ ئەوەشــدا قــەلای کــەرکوک بــە پاشــماوەو شارستانیەتی گوتی دادەنرێت. گوتییەکان نەتەوەیەکی ژیر و زیرەک بــوون، بــۆ یەکەم جــار لە مێــژوو توانیــان پاشــاکانیان بە هەڵبــژاردن دەستنیشان بکەن، پاشاکانی گوتی بە سیستمی هەڵبژاردن دەسەڵاتیان وەرگرتووە، لە چوارچێوەی ئەنجوومەنی پیران کە یەکێکیان وەک پاشا دیاری.

# مێژووی گۆتییەکان:

لــە رووی پاشــماوەی شارســتانیەتی و هونەریــەوە گوتیــەکان زۆر دەوڵەمەند نین، ئەوەش بەهۆی ئەوەی تاکو ئەمرۆ قەڵای کەرکوک کە پاشماوەی ئەوانە پشکنینی تێدا نەکراوە هەر وەک گەنجینەیەکی نهێنی و زانیــاری ماوەتــەوە، لەگــەڵ ئەوەشــدا قــەلای کــەرکوک بــە پاشــماوەو شارستانیەتی گوتی دادەنرێت. گوتییەکان نەتەوەیەکی ژیر و زیرەک بــوون، بــۆ یەکەم جــار لە مێــژوو توانیــان پاشــاکانیان بە هەڵبــژاردن دەستنیشان بکەن، پاشاکانی گوتی بە سیستمی هەڵبژاردن دەسەڵاتیان وەرگرتووە، لە چوارچێوەی ئەنجوومەنی پیران کە یەکێکیان وەک پاشا دیاری.

# خورییەکان (دەرکەوتن و بلاوبونەوەیان):

لە کوردستاندا بە تایبەتی و لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بە گشتی لە هەزارەی دووەمی پێش زاین دەرکەوتن، بە تایبەتی لە ڕۆژئاوای کوردستان، ئەرابخا و نوزی کەرکوکی ئێستا بوونەتە مۆڵگە سەرکییەکانیان. خورییەکان ڕۆڵی بەرچاویان هەبووە لە گواستنەوەی دیاردە شارستانییەکان لە نێوان دەڤەرەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، ئەویش بەهۆی چالاکی بازرگانییەوە، چونکە کەمتر ئارەزووی شەڕیان هەبووە. شاری نوزی لە باشووری ڕۆژئاوای کەرکوک بنکەیەکی سەرەکی خورییەکان بوو.



# زمان و ڕەگەزی خورییەکان:

خورییەکان لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بە گشتی و لە کوردستاندا بە تایبەتی، لە هەزارەی دووەمی پێش زایین دەرکەوتن. "ڕۆژئاوای کوردستان ئەرابخا و نوزی کەرکووکی ئێستا، مۆڵگە سەرەکییەکانیان بوون و چەندین میرنشینیان لە "نەینەوا و ڕحا و سەرێ کانی" دامەزراندووە و دەسەڵاتیان فراوان کردووە. خورییەکان لە ڕەگەزی سامی نەبوون و زمان و نووسینی تایبەتی خۆیان هەبووە.



# ئاینی خورییەکان:

خورییەکـانیش وەک نەتەوە کۆنەکـانی تـری کوردسـتان پانتیۆنیـان هەبووە بۆ کۆکردنەوەی خواوەندەکانیان. زۆر جار هەندێ خواوەندی لە نەتەوەکـانی تـر وەرگرتـووە و خسـتوویانەتە سـەر پـانتیۆنەکەی خۆیـان.بە پێـی ناوچەکـان خواوەنـدەکان جیاوازییـان هەبـووە و هەر ناوچەیەک خواوەندی تایبەت بەخۆی هەبووە.



# سەرچاوەکان:

- مێژووی هاوچەرخی کورد/نوسینی(دیڤد ماکداوڵ/وەرگێرانی(د.ئەبوبەکر خۆشناو)